# سێ سەرچاوە و سێ بەشی مارکسیزم(*)

**ڤ. ئی. لێنین**

ڕێبازی مارکس، لەسەرانسەری جیهانی شارستانی، دوژمنایەتی و کینەیەکی یەکجار زۆری لە لای سەرجەم زانستی بۆرژوازی (چ فەرمی و چ لیبراڵ)، کە وەك "ڕێبازێکی گومڕا" لێیان دەڕوانی، وروژاند. دیارە لە کۆمەڵگایەکدا، کە لەسەر بناغەی خەباتی چینایەتی ڕاوەستابێت، کە هیچ زانستێکی کۆمەڵاتی "بێ لایەن" ناشێت لە ئارادابێت، ناکرێت چاوەڕوانی هەڵوێستێکی تر بکرێت. تێکڕای زانستی فەرمی و لیبراڵی بە شێوەیەك لە شێوەکان، داکۆکی لە کۆیلایەتی کرێگرتە ئەکەن، هەرچی مارکسیزمە، جەنگێکی ئاشتی هەڵنەگری لە دژی ئەو کۆیلایەتییە، ڕاگەیاند. چاوەڕوانیکردنی ئەوەی، لە کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بناغەی کۆیلایەتی کرێگرتە بنیات نراوە، زانستێکی بێلایەن لە ئارادابێت، ساویلکەییەکی منداڵانەیە و وەك ئەوەیە لە لە مەسەلەی زیادکردنی کرێی کرێکاران و کەمکردنەوەی قازانجی سەرمایە، چاوەڕوانی بێلایەنی کارخانەداران بین.

وەلێ مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایات. مێژووی فەلسەفە و مێژووی کۆمەڵناسی، زۆر بە ڕۆشنی ئەوە دەرئەخەن کە، مارکسیزم شتێك نییە لە تەرزی "بنەمای ڕێبازێك، بە واتای بیروباوەڕێکی سنوردار و وشك کە دوور لە شاڕێگەی پەرەسەندنی شارستانیی جیهانیی، هاتبێتە کایەوە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، تەواوی بلیمەتی مارکس ڕێك لەوەدایە کە وەڵامی بەرسڤگەلێك ئەداتەوە کە بیری پێشڕەوی مرۆیی لەمەوبەر تەرحیان کردووە. ڕێبازی مارکس، مانەندی تەواکەری بێپسانەوە و سروشتیی ڕێبازی مەزنترین نوێنەرانی فەلسەفە و ئابوری سیاسی و سۆسیالیزم هاتۆتەکایەوە.

هۆی توانایی لە ڕادەبەدەری ڕێبازی مارکس لە ڕاستی و دروستییەکەیدایە. ئەم ڕێبازە هاوسەنگ و کامڵە و جیهانبینییەکی هاوئاهەنگ ئەخاتە بەردەمی خەڵك، کە لەگەڵ هەر جۆرە خورافاتێك، هەر جۆرە کۆنەپەرستییەك و هەر جۆرە لە داکۆکیکردنێك لە ستەمی بۆرژوازی، ناگونجێ و ئاشتیپەسەند نییە. ئەم ڕێبازە میراتگری شەرعیی باشترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتییە لە سەدەی نۆزدەهەم، کە بە شێوەی فەلسەفەی ئەڵمانی، ئابوری سیاسی ئینگلتەرا و سۆسیالیزمی فەرەنسی، بەدەستیان هێناوە.

ئێمە لێرەدا بە کورتی، باسی ئەو سێ سەرچاوەیەی مارکسیزم ئەکەین، کە لە هەمانکاتدا سێ بەشی پێکهێنەریشن بۆی.

## (1)

فەلسەفەی مارکسیزم ماتریالیزمە. لە سەرتاسەری مێژووی نوێی ئەوروپادا، بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، لە فەرەنسا، جەنگێکی لێبڕاوانە لە دژی تێکڕای پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لە دژی دەرەبەگایەتی لە دامەزراوەکان و لە بیروباوەڕدا، بەرپابوو، ماتریالیزم تاقە فەلسەفەیەکی هاوئاهەنگ بوو، کە لەگەڵ تەواوی تیۆرییەکانی زانستەکانی سروشتدا سەرڕاست و دوژمنی هەر جۆرە خەیاڵ و ڕیاکارییەك بوو. لەبەر ئەوە، دوژمنانی دیموکراسی هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ "دەرپەڕاندن" و هەڵوەشاندنەوە و تۆمەتدانەپاڵی. ئەوانە داکۆکییان لە جۆرەها شێوەی

ئایدیالیزمی فەلسەفی ئەکرد, کە هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان, بە داکۆکیکردن و پشتیوانیکردنی ئایین ئەگەییشت.

مارکس و ئەنگلس بە لێبڕاوەترین شێوە, بەرگرییان لە ماتریالیزمی فەلسەفی کرد و چەندین کەڕەت ئەوەیان ڕۆشنکردەوە کە, هەر لادانێك لەم بنەمایانە, هەڵەیەکی گەورەیە. تیۆرییەکانی ئەوان بەو پەڕی ڕۆشنی و درێژی, لەو دوو پەڕاوەی ئەنگلس "لودڤیگ فۆێرباخ" و ئانتی دۆهرینگ", کە مانەندی "مانیفێستی کۆمۆنیست" لە ڕیزی ئەو پەڕاوانەیە کە پێویستە هەمیشە لەبەردەستی هەر کرێکارێکی وشیاردابێت, خراونەتە ڕوو.

بەڵام مارکس لە لای ماتریالیزمی سەدەی هەژدەهەم نەوێستا و فەلسەفەی چەندین شەقاو بەرەو پێش برد. مارکس ئەم فەلسەفەیەی بە دەسکەوتەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی, بەتایبەت ڕێبازی هیگڵ, کە ئەمیش بە نۆبەی خۆی, سەرچاوەیەکی ماتریالیزمی فۆێرباخ بوو, دەوڵەمەند کرد. لە نێو ئەو دەسکەوتانە, لە هەموان گرنگتر دیالێکتیك, واتە, تیۆری پەرەسەندنە, بە کامڵترین و قوڵترین شێوەی خۆی, کە لە هەر جۆرە تاکلایەنییەك بەدوورە, تیۆری دانایی ڕێژەیی مرۆڤایەتییە, کە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی ماتریاڵ لە پەرەسەندنی هەمیشەیی خۆیدا.

تازەترین دۆزینەوەکانی زانستەکانی سروشت_ ڕادیۆم, ئەلیکترۆن و گۆڕانی توخمەکان_ سەرباری تیۆرییەکانی فەیلەسوفە بۆرژوازییەکان و گەڕانەوەی "سەرلەنوێ"یان بۆ ئایدیالیزمی کۆن و داڕزاو, بە شێوەیەکی درەخشان, دروستی ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکسیان سەڵماند.

مارکس لە میانەی ئەوەی کە ماتریالیزمی فەلسەفیی قوڵکردەوە و پەرەی پێدا, بە سەرئەنجامی لۆژیکی خۆی گەیاند و ماتریالیزمی لە ئاستی زانستی سروشتەوە بۆ زانستی کۆمەڵگای مرۆیی فراوان کردەوە. ماتریالیزمی



مێژوویی مارکس, گەورەترین سەرکەوتنێك بوو کە فکری زانستیی بەدەستیهێنا. ئاشوبگەری و بێقەیدوبەندیی کە تا ئەو دەمە, لە نێو تیۆرییەکانی لەمەڕ مێژوو و سیاسەت باڵادەست بوون, جێگەی خۆیان بۆ تیۆرییەکی زانستیی کامڵ و هاوسەنگ چۆڵ کرد, کە پیشانی ئەدات بە چ جۆرێك, بە هۆی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە, لە شێوازێکی دیاریکراوی بنیاتێکی کۆمەڵایەتییەوە, بنیاتێکی باڵاتر سەرهەڵئەدا و پەرەئەسێنێ_ بۆ نموونە, چۆن لە دەرەبەگایەتییەوە سەرمایەداری لە دایك بوو.

هەروەکوو چۆن زانستی مرۆیی ڕەنگدانەوەی سروشتە, کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەو لە ئارادایە, واتە, ڕەنگدانەوەی مادە لە حاڵی پەرەسەندنیدایە, ڕێك بەهەمان شێوە, زانستی کۆمەڵایەتیی مروڤ (واتە, تیۆرە جۆراوجۆرەکان و ڕێبازە فەلسەفی و ئایینی و سیاسییەکان و ...هتد), ڕەنگدانەوەی سیستەمی ئابوریی کۆمەڵگایە. دامەزراوە سیاسییەکان سەرخانێکن, لەسەر ژێرخانی ئابوری قەراریان گرتووە. بۆ نموونە, ئێمە ئەبینین کە چۆن شێوازە جۆراوجۆرە سیاسییەکان لە وڵاتە هاوچەرخەکانی ئەوروپادا, بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازیی بەسەر پرۆلیتاریاوە بەکار ئەبرێت.

فەلسەفەی مارکس, ماتریالیزمێکی فەلسەفیی کامڵکراوە, کە چەکێکی پڕ توانای مەعریفی خستۆتە بەردەستی مرۆڤایەتی و بەتایبەت بەردەستی چینی کرێکار.

(2)

پاش ئەوەی مارکس لەوە دڵنیا بوو کە سیستەمی ئابوری ئەو بناغەیەیە کە سەرخانی سیاسی لەسەر دائەمەزرێ, زیاتر وەك لە پێشوو, ڕووی لە توێژینەوەی ئەم سیستەمە ئابورییە کرد. گرنگترین دانراوەی مارکس_ "سەرمایە", بۆ توێژینەوە لە سیستەمی ئابوری لە کۆمەڵگای هاوچەرخ, واتە, سەرمایەداری, تەرخان کراوە. ئابوری سیاسی پێش مارکس لە ئینگلتەرا واتە, لە پەرەسەندوترین وڵاتی سەرمایەداری, هاتۆتە کایەوە. ئادەم سمیت و داڤید ڕیکاردۆ, لە سیستەمی ئابورییان کۆڵییەوە و سەرەتای تیۆری بایی بنیاتنراو لەسەر کار (تیۆری بایی_ کار)یان تۆمار کرد. مارکس بەردەوامی بە کاری ئەوان دا و ئەم تیۆرییەی بە وردی سەلماند و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ پەرەی پێدا. هەروەها مارکس ئەوەی دەرخست کە, بایی هەر کاڵایەك بە گوێرەی کاتی کاری کۆمەڵایەتی پێویست کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە سەرف کراوە دیاری ئەکرێت.

لەکاتێکدا ئابوریناسە بۆرژواییەکان پەیوەندی نێوان شتەکان (گۆڕینەوە, کاڵایەك بە کاڵایەکی دی) ئەبینن, مارکس پەیوەندی نێوان خەڵکی دۆزییەوە. گۆڕینەوەی کاڵا, نیشانەی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرانی جۆراوجۆرە لە ڕێگەی بازاڕەوە. دراو نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە پتەوتر بووە و تێکڕای ژیانی ئابوری بەرهەمهێنەرانی لێك جودا, لە یەکەیەکدا کۆبۆتەوە, بەشێوەیەك کە نەکرێت پارچە پارچە بکرێن. سەرمایە, نیشانەی فراوانبوونەوەی دواتری ئەم پەیوەندییەیە: هێزی کاری مرۆڤ ئەبێتە کاڵا. کرێکاری کرێگرتە هێزی خۆی بە مڵکداری زەوی و خاوەنی کارخانە و هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئەفرۆشێت. کرێکار, بەشێك لە ڕۆژکارەکەی بۆ خەرجی ژیانی خۆیی و خانەوادەکەی بەکارئەهێنێت (کری),



بەشەکەی تر لە ڕۆژدا, بە خۆڕایی کار ئەکات و زێدەبایی بۆ سەرمایەدار ئەخوڵقێنێ, کە سەرچاوەی سود و سەروەتی سەرمایەدارانە.

تیۆری زێدەبایی, بەردی بناغەی تیۆری ئابوری مارکس پێکئەهێنێ.

سەرمایە, کە بەرئەنجامی کاری کرێکارە, بە تێکشکاندنی گچکە خاوەنکاران و هێنانەکایەوەی بێکاران, کرێکار ئەخاتە ژێر گوشارەوە. سەرکەوتنی بەرهەمهێنانی قەبە هەر لەیەکەمین سەرنجەوە دەبینرێت, بەڵام هەمان دیاردە لە کشتوکاڵدا بەدی ئەکرێت: باڵادەستیی وەبەرهێنانی کشتوکاڵیی قەبە و بەکارهێنانی ئامێر, ڕوو لە زیادی ئەکات, ئابوریی جوتیاریی ئەکەوێتە نێو داوی سەرمایەی پوڵیی و دائەشکێت و لە ژێر زەبری تەکنیکی دواکەوتوودا, تێکئەشکێت. لە کشتوکاڵدا, شێوازی تێکشکانی بەرهەمهێنانی بچوك لەگەڵ ئەوەی لە پیشەسازیدایە جیاوازە, بەڵام مەسەلەی تێکشکان ڕاستییەکە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت.

سەرمایە, لە میانەی وردوخاشکردنی بەرهەمهێنانی بچوکەوە, هێزی بەرهەمهێنەری کار زیاد ئەکات و هەلومەرجی نەشونمای مۆنۆپۆڵی یەکێتی سەرمایەدارانی گەورە ئەهێنێتە کایەوە. خودی بەرهەمهێنان زیاتر و زیاتر کۆمەڵایەتی ئەبێتەوە_ سەدان هەزار و ملیۆنەها کرێکار لە ئۆرگانیزمێکی ئابوری ڕێکوپێك لەگەڵ یەکدی کۆئەبنەوە, بەڵام مشتێك لە سەرمایەداران بەرهەمی کاری گشتی, بۆخۆیان تایبەتمەند ئەکەن. پشێوی بەرهەمهێنان, قەیران, ڕاکردنی شێتانە بە دوای بازاڕ, هەژاری زۆربەی دانیشتوان, ڕۆژانە زیاد ئەکەن.

ڕژێمی سەرمایەداری, بە زیادکردنی وابەستەیی کرێکاران بە سەرمایەدارانەوە, هێزی مەزنی یەکگرتووی کار ئەهێنێتەکایەوە.

مارکس, بۆ توێژینەوە لە ڕەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری, لە توخمە سەرەتاییەکانی ئابوری کالآیی و گۆڕینەوەی سادەوە دەستی پێکرد, هەتا بە بالآترین شێوەکانی, واتە بەرهەمهێنانی گەورە, گەییشت.
تاقیکردنەوەی سەرجەم ولآتانی سەرمایەداری, بە ولآتانی کۆن و نوێوە, ساڵ بە ساڵ بە ڕۆشنی, دروستی ڕێبازی مارکسیان بە ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران پیشان دا.
سەرمایەداری لە سەرتاسەری جیهان سەرکەوتنی بەدەستهێنا, بەڵام ئەم سەکەوتنە جگە لە دالآنی سەرکەوتنی کار بەسەر سەرمایەدا, شتێکی دی نییە.

## (3)

کاتێك دەرەبەگایەتیی ژێرەوژوور کرا, کۆمەڵگای "ئازاد"ی سەرمایەداری هاتە مەیدان, دەسبەجێ ئەوە دەرکەوت کە ئەم ئازادییە یانی, سیستەمێکی نوێی چەوسانەوە و وەبەرهێنانی زەحمەتکێشان. ئیتر یەکسەر ڕێبازی جۆراوجۆری سۆسیالیستی, وەك ڕەنگدانەوەی ئەو گوشارە و دەربڕینی ناڕەزایەتی, دەستیان بە سەرهەڵدان کرد. لێ سۆسیالیزمی سەرەتایی, سۆسیالیزمێکی خەیاڵی (یۆتۆپی) بوو. ئەم سۆسیالیزمە ڕەخنەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەگرت, سەرزەنشتی ئەکرد, نەفرەتی لێ ئەکرد, خەوی بە فەوتانییەوە ئەبینی, خەیاڵی بە نیزامێکی باشترەوە ئەکرد و هەوڵی ئەدا, بڕوا بە دەوڵەمەندان بهێنێ کە, وەبەرهێنان پێچەوانەی ڕەووشتە.



بەڵام سۆسیالیزمی خەیاڵی نەیتوانی ئاماژە بە ڕێگەچارەی واقیعی بکات. ئەم سۆسیالیزمە نەیتوانی, نە ماهییەتی کۆیلایەتی کرێگرتە لە سایەی سەرمایەداری شی بکاتەوە, نە یاساکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری بدۆزێتەوە, نە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە دەتوانێت کۆمەڵێکی نوێ بێنێتەکایەوە, بدۆزێتەوە.
بەڵام شۆڕشە گەردەلولئاساکان, لە گشت جێگایەکی ئەوروپا و بەتایبەت لە فەرەنسا, کە هاوشانی ڕوخانی فیۆداڵیزم و قەنانە بوون, بە بەردەوامی, بە ڕۆشنییەکی زۆرەوە ئەوەیان ئاشکرا کرد کە, خەباتی چینایەتی بنچینەی هەموو پەرەسەندنێکە و هێزە بزوێنەرەکەیەتی. هیچ کامێك لە سەرکەوتنی مەسەلەی ئازادییە سیاسییەکان بەسەر دەرەبەگایەتیدا, بەبێ شەڕی مان و نەمان بەدەستنەهاتووە. هیچ ولآتێکی سەرمایەداری نەبووە, کە کەم و زۆر لەسەر بنچینەیەکی ئازاد و دیموکرات دامەزرابێت, بەبێ خەباتی مان و نەمانی نێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی سەرمایەداری, هاتبێتەکایەوە.
بلیمەتی مارکس لەوەدایە, یەکەمین کەس بوو کە بتوانێت ئەو ئەنجامگیرییە بەدەستبهێنێ کە دیرۆکی جیهان لەسەری ئەڕوات و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و تا کۆتایی جێبەجێی کرد, ئەو ئەنجامگیرییەش بریتییە لە خەباتی چینایەتی.
ئەگەر بێتوو خەڵکی فێری ئەوە نەبن کە چۆن لە پشت دەستەواژە و ڕاگەیاندن و قەولوقەرارە ئەخلاقی, ئایینی, سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە, بەرژەوەندی ئەم چینانە یان ئەو چینانە بخوێننەوە, ئەوا هەمیشە لە مەیدانی سیاسەتدا, قوربانییەکی ساویلکەی فریوی کەسانی تر و فریوی خۆیان بوونە و هەرواش دەمێننەوە. لایەنگرانی ڕیفۆرم و چاکسازی, هەمیشە قوربانیی فریوکاریی داکۆکیکەرانی نەزمی کۆن ئەبن, تا ئەو دەمەی پەی

بەوە نەبەن کە, هەر دامەزراوەیەکی کۆن, با چەندە دڕندە و بۆگەنیش بێت, بەڵام بە هێزی چینێك لە چینە فەرمانڕەواکان هەر دەمێنێتەوە. بۆئەوەی بەرگریی ئەم چینانە تێك بشکێنین, تەنها یەك ڕێگە لەبەردەمدایە: پێویستە لە هەمان ئەو کۆمەڵەی کە بە دەوروبەرمانەوەیە, ئەو هێزە بدۆزینەوە, بۆ تێکۆشان پەروەردەی بکەین و ڕێکخراوی بکەین, کە ئەتوانێت_ هەروەها بەهۆی جێوشوێنی کۆمەلایەتی خۆیەوە ئەبێت_ ببێتە ئەو هێزەی کە لە تونایدایە, کۆن بماڵێ و نوێ بخوڵقێنێ.

ئەوە بە تەنها ماتریالیزمی مارکس بوو کە ڕێگای دەربازبوون لە کۆیلایەتی فیکریی بە پرۆلیتاریا نیشان دا, کە تێکڕای چینە چەوساوەکان تا ئەو دەمە لە نێو ئەو کۆیلایەتییە فیکرییە سەرگەردان بوون. بە تەنها تیۆری ئابوری مارکس بوو, کە دۆخی واقیعیی پرۆلیتاریای لە تێکڕای نیزامی سەرمایەداری ڕۆشن کردەوە.

لە سەرتاسەری جیهان, لە ئەمریکاوە تا ژاپۆن, لە سۆئیدەوە تا ئەفریقای خواروو, سازمانگەلی سەربەخۆی پرۆلیتێری لە زیادبووندایە. پرۆلیتاریا, لە ڕەوەندی تێکۆشانی چینایەتی خۆیدا, پەروەردە ئەبێت و وشیار ئەبێتەوە, لە خەیاڵەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی ڕزگاری ئەبێت, هەرچی زیاتر بە یەکەوە گرێ ئەخوات و فێرئەبێت کە ڕادەی سەرکەوتنەکانی مەزەندە بکات و هێزەکانی تۆکمە بکات, هەروەها بە جۆرێك گەشە ئەکات کە گەڕانەوە نەزانێت.

* * *

لە ئادار (مارس)ی ساڵی 1913,

لە ژمارە (3)ی گۆواری "پروسوشچینییە"(ڕۆشنگەری), بە چاپ گەییشتووە.



* ڤ. ئی. لێنین, بەرگی 23, ل 40_48 (لە سەرچاوە عەرەبییەکەدا).

* بەرگی 19 تێکڕای دانراوەکان, چاپی چوارەم, ل 3_8 (لە سەرچاوە فارسییەکەدا).

--------------

(*) لێنین ئەم وتارەی لە یادی (30)هەمین ساڵەی مەرگی "مارکس"دا نووسیوە.


سەرچاوەکان:

_لينين, مصادر الماركسية الثلاثة واقسامها المكونة الثلاثة,

ترجمة: الياس شاهين, دار للتقدم, موسكو.

_لینین, سه منبع سه جزء مارکسیسم,

www.marxists.org


وەرگێڕانی

سالار ڕەشید

24/ 05/ 2005